www.kurdistannet.org
12-3-2003 22:16

# بانگەوازێك بۆ ڕای گشتی كوردستان

لەم ڕۆژانەدا باشووری كوردستان بە قۆناخێكی چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. وەك چۆن گرنگە كە خەڵكی كوردستان لە ئاست داگیركەرانی نیشتمانەكەیاندا پێ لەسەر مافە ڕەواكانی خۆیان دابگرن، هەروەها دەبێ كۆمەڵگەی جیهانی بخەنە بەردەم بەرپرسایەتی سیاسی و ئەخلاقی. بۆ پێكانی ئەم ئامانجەش بە پێویستی دەزانین چەند خاڵێك ڕوون بكەینەوە:

١ - لەشكركێشیی دەوڵەتی تورك بۆ سەر باشووری كوردستان، بە بیانووی شەڕی دژی عیراق، بە ئامانجی داگیركردنی خاك و زەلیلكردنی نەتەوەكەمانە، بۆ داپچڕینی شار و ناوچە دەوڵەمەندەكانە، كە لە ڕووی سترلتیژییەوە بایەخێكی تایبەتیان هەیە بۆ چارەنووسی هەموو خەڵكی كوردستان. بۆیە بویەرەكانی باشوور ڕەهەندێكی كوردستانییان هەیە و هاوئاهەنگیی سیاسی و سەربازیی پارت و باڵەكانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی هەموو بەشەكانی كوردستان دەكەنە ئەركێكی نیشتمانیی هەنووكەیی. دیسان مێژوو نیشانمان دەدا كە گەلی كورد هێزی سەرەكیی خۆی تەنیا لە خەڵكی كوردستان وەردەگرێ و قووڵایی ماددی و مەعنەویش هەر لە خاكی نیشتمان و یەكێتی ڕیزەكانی خۆی.

٢ – ئەركی نیشتمانیی ڕۆڵەكانی كوردستان، لە هەر كوێیەكی ئەم جیهانە بن، ئەوەیە بێ دوودڵی و پێچوپەنا هەر جۆرە دەستتێوەردانێكی داگیركەران، بەتایبەتی توركیا، لە كاروباری كوردستان لەقاوبدەن و دنیا لە ئەنجامە وێرانكارییەكانی هوشیاركەنەوە و جەخت لەسەر زەماناتی نێونەتەوەیی بكەن بۆ كورد

٣ – گەلی كورد هیچ ئەلتەرناتیڤێكی نییە، جگە لە پێداگرتن لەسەر مافی چارەنووس و داكۆكیكردن لە خۆی و نیشتمانەكەی. بۆ ئەمەش پێویستی بە خستنەگەڕی هەموو كەناڵە دیپلۆماسی و جەماوەرییەكان هەیە. بەكار هێنانی ڕێفیراندوم و پەرلەمان و ئامرلزە دێموكراسییەكانی تر نەك هەر هێز و گوڕ بە خۆمان دەبەخشێ بەڵكوو دۆزەكەشمان لەبەر چاوی دنیا سەنگینتر و ڕێزدلر تر دەكا. سرتەسرتی پشت پەردەی حیزبەكان و شاردنەوەی كێشەكان لە جەماوەر و دنیای دەرەوە لە ماڵوێرانی بەولاوە هیچی تری لە جێ شین نەبووە و نابێ.

٤ – بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەكان پێویستە هەموو هێز و توانای نەتەوەی كورد یەك بخرێ. دەستبەرداری حیزبحیزبانێ بین، وزە و هێزی بێسنووری ملیۆنان كورد ڕەها بكرێ. كێشە ناوخۆیی و لاوەكییەكان بخرێنە لاوە. لەشكری كوردستان لە هێزێكی حیزبپارێزەوە ببێتە هێزێكی گەلپارێز و بۆ پاراستنی خەڵك و قۆزتنەوەی دەرفەتی ڕزگاركردنی ناوچە بەعەرەبكراوەكان یەكخرێ و ئاراستە بكرێ.

٥ – داوا لە هەموو ڕۆڵەكانی كوردستان دەكەین لە ناوەوەی دەرەوەی وڵات، لە ڕێگەی خۆپێشاندان و ڕێپێوان و چاڵاكییەكانی ترەوە، بە دۆست و دوژمن نیشان بدەن كە تێكڕای خەڵكی كوردستان دژی هاتنی لەشكری ئەنقەرەیە. ئێستا كە مێدیاكانی جیهان لە شارەكانی باشوورن، جێی خۆیەتی سەدان هەزار كەس بڕژێنە سەر شەقامەكان و یەكدەنگ هاوار كەن: مافی چلرەنووس بۆ گەلی كوردستان و نا و هەزارجلر نا بۆ دەسەڵاتی سەددامی خوێنڕێژ و لەشكری داگیركەری توركیا.

د. ڕێبوار فەتاح، د. بورهان یاسین، د. ڕەفیق سابیر، د. عەبدوڵڵا پەشێو، د. جەبار قادر، د. مەحموود عوسمان، م. پشكۆ نەجمەددین، د. كەمال میراودەلی، د. گۆران فائیق، د. فەهمی ئەحمەد، د. كاوس عەزیز فەرەج، د. ئیبراهیم خورشید، م. سەباح غالب، م. محەممەد ڕەسووڵ هاوار، م. ئۆرخان غالب، پرۆفیسۆر ئۆردیخانی جەلیلی، م. سالح محەممەد ئەمین، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیلی